هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 16 ئەیلولی 2011

## لــــەم ژمارەیـــــەدا

كۆڕی یونامی جەخت دەكاتە سەر پاراستنی كۆمەڵگە/ پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینیەكانی عیراق ............. 1

یادكردنەوەی ڕۆژی جیهانیی دیموكراسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ......................3

پشتگیریكردنی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی مافەكانی مرۆڤ لە عیراق .........................3

UNHCR یارمەتی منداڵانی ئاوارە لە هەرێمی كوردستانی عیراق دەدەات .........................4

UNDP پاڵپشتیی قوربانیانی مینی زەمینی لە عیراق دەكات...............................................5

یاسای تازە بۆ بەرزكردنەوەی خوێندەواری ........ 6

گەشتی لێكۆڵینەوەی شاندی باڵای عیراقی جەختدەكاتە سەر پلانی شارستانی ............................ 7

نەخشەرێگای ئاو بۆ عیراق ........................ 8

یارمەتیدانی عیراقییەكان بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی باشتر لەسەر مامەڵەكردن لەگەڵ مەترسیی كارەسات...8

بەتواناكردنی لێژنەكانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پشتگیریكردنی كارنامەی گەشەپێدان ................ 9

كورتە هەواڵ ......................................... 9

پێشانگای وێنەیی .........................................12

لیستی كورتكراوەی ناوەكانی ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان ..........................................12

# كۆڕی یونامی جەخت دەكاتە سەر پاراستنی كۆمەڵگە/ پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینیەكانی عیراق



جێگری نوێنەری تایبەتیی سكرتێری گشتیی نەتەوەیەكگرتووەكان لە عیراق بۆ كاروباری سیاسی بەڕێز جێرزی سكوراتۆویچ وتارێك پێشكەش بە بەشداربووان دەكات لە مێزگردی پاراستنی مافەكانی كۆمەڵگە/پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینییەكانی عیراقی لە بەغدا لە ٢٦ی ئەیلولی ٢٠١١. وێنە: كریس سیسمانیك/نووسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی

نووسینی: ماباتلهارۆ نانۆ دهیمۆ، نووسینگەی كاروباری سیاسی/ یونامی

پاراستنی مافەكانی كۆمەڵگە/ پێكهاتە نەتەوەییەكان و ئایینیەكانی عیراقی بابەتی گفتوگۆی مێزگردێكی چوارچێوەی یاسادانان بوو كە لە ٢٦ ی ئەیلولی ٢٠١١ لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو.

لیژنەی مافەكانی مرۆڤی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و یونامی دانیشتنەكەیان ڕێكخستبوو و UNDP دارایی دانیشتنەكەیان گرتبووە ئەستۆ. هەر یەك لە گەورە بەرپرسانی عیراق و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و شارەزایانی عیراقی و كەسانی ئەكادیمی و بەرپرسانی نەتەوە یەكگرتووەكان ئامادەی مێزگردەكە بوون.

كۆڕەكە بە وتاری وەزیری مافەكانی مرۆڤی عیراقی بەڕێز محمد سودانی و جێگری نوێنەری تایبەتیی سكرتێری گشتی لە عیراق بۆ كاروباری سیاسی بەڕێز جێرزی سكوراتۆویچ كرایەوە. بەڕێز سودانی جەختی كردەوە كە دابینكردنی ئارامی و بژێوی بەردەوام بۆ هەموو عیراقییەك، بە پێكهاتە ئایینیی و نەتەوەییەكانیشەوە، بەرپرسیارییێتی حكومەتی عیراقە.

بەڕێز سكوراتۆویچ لە ووتەكەیدا ئاماژەیدا كە پێكهاتە جیاجیاكانی عیراق دەوری كارا دەگێڕن لە بنیاتنانی وڵات و بناغەیەكی گرنگ پێكدەهێنن بۆ هەمەجۆریی نەتەوەیی لەناو كۆمەڵگەی عیراقی. هەروەها بەڕێز سكوراتۆویچ تیشكی خستەسەر گرنگیی یاسای پشتئەستوور بە دەستور كە پێكهاتە ئایینییەكان و نەتەوەییەكان دەپارێزی لە چوارچێوەی سەروەریی یاسا و هەروەها برەوپێدانی مافەكانی مرۆڤ بۆ هەموو عیراقییەكان.

> **دیموكراسی هەناردە ناكرێ و ناسەپێنرێ لە دەرەوە بەڵكو پێویستە بە ویستی خەڵك بێتە ئاراوە و لەلایەن كۆمەڵگەیەكی مەدەنیی بەهێز و كارا برەوپێبدرێت**
>
> ***جێگری نوێنەری تایبەتیی سكرتێری گشتی لە عیراق بۆ كاروباری سیاسی بەڕێز جێرزی سكوراتۆویچ***

بەشداربووان باسی هەندێك نیگەرانیی سەرەكییان گكرد وەك كەمیی بەشدارپێكردنی كەمینەكان لە دامەزراوە حكومییەكان و پێویستیی چاكسازی یاسادانان بۆ دەستەبەركردنی پاراستنی یاسایی كاریگەر و هەروەها چارەسەری گونجاو بۆ كەمینەكان لە بوارەكانی ئاسایش و پەروەردە و سەروەریی یاسا و نوێنەراتی و مافەكانی موڵكدارێتی.

لە راسپاردەكانی دانیشتنەكە ئاماژەدرا كە دەبێت كۆمەڵگە/ پێكهاتە ئایینیی و نەتەوەییەكان مافی یەكسانیی كاركردن و خزمەتگوزاریی كۆمەڵایەتییان هەبێت لە كەرتی تایبەت و گشتیدا. بەشداربووان داوای جێبەجێكردنی ماددەی ١٢٥ی دەستوری عێراقییان كرد كە دەڵێت مافەكانی ئیداری، سیاسی، كەلتوری و پەروەردەیی تایبەت بە نەتەوە جیاجیاكانی وەك توركمان و كلدان و ئاشوری و هەموو پێكهاتەكانی تر دەبێت دەستەبەر بكرێن وە ئەوەش بە یاسا رێكدەخرێت.



بەشداربووانی مێزگردی پاراستنی مافەكانی كۆمەڵگە/پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینییەكانی عیراقی لە بەغدا لە ٢٦ی ئەیلولی ٢٠١١. وێنە: كریس سیسمانیك/نووسینگەی راگەیاندنی یونامی

بەرپرسانی یونامی هەڵسەنگاندنێكیان خستەڕوو لەمەڕ پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ مافەكانی كەمینەكان بە جەختكردنە سەر یەكسانی و نەبوونی جیاكاری و بەشداریپێكردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن. بابەتەكە رۆشنایی خستەسەر پەیماننامە و رێكەوتننامە و ئامرازە هەرێمایەتییەكانی پاراستنی مافەكانی كەمینەكان.

دانیشتنەكە دەرفەتێكی كەموێنەی دا بە بەشداربووانی گروپە جیاجیاكان بۆ ئەوەی بەیەكەوە كاربكەن و بناغەیەكیشیان دامەزراند بۆ برەودان بە بەیەكەوە كاركردنی گشتگری بەشدارە سەرەكییەكان و برەودان بە كاری رێكخراو بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی پێكهاتەو و كۆمەڵگە نەتەوەیی و ئایینییەكانی عیراق. بەشداربووان بە كۆی دەنگ هاوڕابوون كە پێویستە كەمینەكان بپارێزرێن وەك پێكهێنەری گرنگی كۆمەڵگەی عیراقی.



راوێژكاری سیاسیی سەرۆك وەزیران بەڕێز جۆرج باكووس، ئەندام پەرلەمان خالید جەیاش، جێگری وەزیری كۆچ و ئەسگەر موسەوی وتارێك پێشكەش دەكات (لای راست). وێنە: كریس سیسمانیك/ نووسینگەی راگەیاندنی یونامی



بەشداربووانی مێزگردەكە. وێنە: كریس سیسمانیك/ نووسینگەی راگەیاندنی یونامی



راوێژكاری سیاسیی سەرۆك وەزیران بەڕێز جۆرج باكووس، جێگری نوێنەری تایبەتیی سكرتێری گشتیی نەتەوەیەكگرتووەكان لە عیراق بۆ كاروباری سیاسی بەڕێز جێرزی سكوراتوویچ، وەزیری مافەكانی مرۆڤ بەڕێز شیا سودانی، راوێژكاری سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران بەڕێز فاروق عبداللە. وێنە: كریس سیسمانیك/نووسینگەی راگەیاندنی یونامی



بەشداربووانی مێزگردەكە. وێنە: كریس سیسمانیك/ نووسینگەی راگەیاندنی یونامی



بەرپرسی كاروباری سیاسی لە یونامی خاتوو نونو ماباتلهارۆ دیهیمۆ وتارێك پێشكەش دەكات دەربارەی پاراستنی نێودەوڵەتیی كۆمەڵگە/پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینییەكانی عیراقی. وێنە: كریس سیسمانیك/ نووسینگەی راگەیاندنی یونامی



شێخ عبدالله وەهاب خەڵكی نەینەوا و جێگری نوێنەری تایبەتیی سكرتێری گشتیی نەتەوەیەكگرتووەكان لە عیراق بۆ كاروباری سیاسی بەڕێز جێرزی سكوراتوویچ. وێنە: كریس سیسمانیك/نووسینگەی راگەیاندنی یونامی

# یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی دیموکراسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق



بە بۆنەی ڕۆژی دیموکراسیی نێودەوڵەتی، جێگری نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتی لە عیراق بۆ کاروباری سیاسی بەڕێز جێرزی سکوراتۆویچ وتارێك پێشکەش دەکات لە کۆڕێك کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە ١٥ی ئەیلولی ٢٠١١ڕێکیخستبوو. وێنە: سەرمەد سافی/ نووسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی

جێگری نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتی لە عیراق بۆ کاروباری سیاسی بەڕێز جێرزی سکوراتۆویچ لە کۆڕێکدا کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕێکیخستبوو ڕایگەیاند کە ”دیموکراسی هەناردە ناکرێ و ناسەپێنرێ لە دەرەوە بەڵکو پێویستە بە ویستی خەڵك بێتە ئاراوە و لەلایەن کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز و کارا برەوپێبدرێت ”. کۆڕەکە لە ١٥ی ئەیلول لە شاری بەغدا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەڕێوەچوو بە ناونیشانی ” بەرپرسیارێتیی سیاسی: بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمان و هاوڵاتییان.“

کۆمەڵێك گەورە بەرپرسی حکومی کە بریتیبوون لە سەرۆکی پەرلەمانی عیراق ئوسامە نوجەیفی و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان دکتۆرە ئیبتیهال گوسد و هەروەها نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تیمی وڵاتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ئامادەی کۆڕەکە بوون.

سەرۆکی پەرلەمان ئوسامە نوجەیفی لە کۆڕەکە تیشکی خستەسەر دەوری ئەنجومەنی نوێنەران لە برەوپێدانی دیموکراسی و بەهێزکردنی سەروەریی یاسا و وتی بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی نوێنەران گرنگ بوو بەرەو بەهێزکردنی بەهاکانی سیاسی، یاسایی و دیموکراسی لە عیراق هاوتەریب لەگەڵ تێڕوانینە سیاسییە جیاجیاکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران خۆی هاوکات لەگەڵ ڕەتکردنەوەی سەرکوتکردن و تێرۆریزم و؛ ڕێزگرتنی مافەکانی تاکەکان و ئازادی رادەربڕین. هەروەها سەرۆکی پەرلەمان جەختی کردەوە لەسەر پێویستی بەردەوامبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتگیریکردنی پرۆسەی سیاسی لە عیراق.

جێگری نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتی لە عیراق بۆ کاروباری سیاسی بەڕێز جێرزی سکوراتۆویچ زۆرێك لە ڕێگاکانی باس کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان تیایاندا یارمەتی عیراقیان داوە لە هەموویان گرنگتر کە ئاماژەی پێدان بریتیبوون لە پرۆسەکانی دارشتن و پێداچوونەوەی دەستور، ئاشتەوایی نیشتیمانی، هەڵبژاردن و مافەکانی مرۆڤ.

هەروەها وتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیە ئەزموون و شارەزایی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەی هەڵهێنجراوی چەندین شوێنی جیاواز بخاتە بەردەستان بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان و پیادەکردنی دیموکراسی.

ڕۆژی جیهانیی دیموکراسی هەموو ساڵێك بەرزدەنرخێنرێت بۆ دووپاتکردنەوەی دەوری وڵاتانی ئەندام بەیەکەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان و پیادەکردنی دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهان. بۆنەکە دەرفەتێکە بۆ پتەوکردنی پرنسیپ و نەریتە نێودەوڵەتییەکان کە دیموکراسی دەبێتە بناغەی هێنانەدیی ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانیی بەردەوام .



# پشتگیریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ لە عیراق

نووسینی: ئەلێکس ئەلجوندی، نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی یونامی

حکومەتی عیراق سەرقاڵی دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی باڵای سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤە لە عیراق. ئەو دەزگایە کاردەکات بۆ برەودان بە حوکمرانیی کراوە و دیموکراسی لە ڕێگەی پێشخستن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

لە هەولێکدا بۆ بەخشینی زانیاری بە (لیژنەی شارەزایان)ی عیراق لەمەڕ پێکهێنان و پێکهاتە و کاری دەستەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمیسیارانی عیراقی بەشداریان لە سەکۆیکارێك کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٧ – ٩ ی ئەیلول لە ئەستەنبول ڕێکیخستبوو. لەم سیمینارە نوێنەرانی کۆمسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ لە باشووری ئەفەریقیا و مالیزیا و فەلەستین ئامادەبوون و زانیاری و ئەزموونەکان خۆیان لەگەڵ بەشداربووە عیراقییەکان ئالوگۆڕکرد.

لیژنەی شارەزایان کە لە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەستنیشانکرا لەگەڵ تێپەراندنی یاسای ژمارە ٥٣ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ. ئەرکی لیژنەك هێنانەکایە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی کراوە و واڵایە بۆ دامەزراندنی ئەندامانی کۆمسیۆن. لیژنەکە هەروەها راسپێردراوە یارمەتیی حکومەت بدات بۆ داڕشتنی ئەو ڕێککارانەی کە

## مافەکانی مرۆڤ



بەشداربووانی سەکۆیکار لەسەر بابەتی دامەزراندنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ کە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٧ – ٩ی ئەیلولی ٢٠١١ لە ئیستەنبول رێکیخستبوو. وێنە: نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی یونامی

کۆنترۆڵی دەور و ئەرك و کارەکانی کۆمسیۆن دەکەن لەکاتی دامەزراندنی. لیژنەکە دەستی کردووە بە لێووردبوونەوە و لێکۆلینەوەی زیاتر لە ٣٠٠٠ داواکاریی دامەزراندن بۆ پۆستی کۆمیسیار و چاوپێکەوتنەکانیش لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١١ دەستیانپێکرد.

هەر یەك لە نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی یونامی و نووسینگەی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ و UNDP پشتگیریی سەکۆیکارەکەیان کرد. هەریەك لەم قەوارانەی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیی حکومەتی عیراقی دەدەن لە دامەزراندنی ئەم دەستەیە بە دابینکردنی راوێژی تەکنیکی و بەهێزکردنی توانایان بۆ پشتگیریکردنی دامەزراندنی چوارچێوەی دەستنیشانکردنی کۆمیسیاران.

## هاوکاریی مرۆیی

# UNHCR یارمەتی منداڵانی ئاوارە لە هەرێمی کوردستانی عیراق دەدەات

نووسینی: هێلینا کۆکس، UNHCR – عیراق


منداڵانی عیراقی لە قوتابخانەی عەرەبیی ئەمین زەکی، یەکێك لەو قوتابخانانەی کە ئاژانسی پەناهەندەی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان (UNHCR) لە ساڵی ٢٠١١ نوژەنیکردەوە. وێنە: هێلین کۆکس/(UNHCR)

فیراس هێشتا لە بیری ماوە کە چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆمبێك لە دەرەوەی قوتابخانەکەی لە شاری بەغدا تەقییەوە. ئەم کوڕە ١٣ ساڵانە توشی مۆتەکە بووە و ئەوەش دەرەنجامی ئەم ترسە بەهێزەیە کە لەکاتی تەقینەوەکە تووشی بوو.

فیراس ئێستا بە سەلامەتی و ئارامی دەژی لە هەولێر کە دەکەوێتە هەرێمی کوردستانی عیراق و لە قوتابخانەی ئەمین زەکی دەخوێنێ کە UNHCR ساڵی ڕابووردوو بەشداریی لە نۆژەنکردنەوەی کردووە . زۆربەی ئەم ١٥٠٠ منداڵە کە لە قوتابخانەی عەرەبین دوای دەستپێکردنی توندوتیژی تایفی لە ٢٠٠٦ لەگەڵ بەخێزانەوە ماڵەکانیان لە بەغدا و کرکوك و دیالی و بەجێهێشتووە پەنایان هێناوەتە بەر هەرێمی باکوور. زۆربەیان کورد و عەرەبن کە لە منداڵییەوە بە زمانی عەرەبی بەخێوکراون.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە نەزیفە خان روونی کردەوە کە ”زۆربەی ئەم منداڵانە کە لە قوتابخانەن ئازاری دەروونیان چێشتووە لە توندوتیژیەکانی وڵاتمان. هەندێکیان لەپێش چاویان بابیان کوژراوە. گونجاو نیە لە قوتابخانەی ئاسایی بخوێنن بەڵکو قوتابخانەی تایبەتیان پێویستە لەگەڵ ئامۆژگاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بەڵام ئەم خزمەتگوزاریانە لێرە دەستناکەون“.

جەنجاڵیی هۆڵی خوێندن کێشەیەکی سەرەکیی ترە لەو قوتابخانانەی خوێندن بۆ منداڵانی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان دابین دەکەن. لە قوتابخانەی شلاما نزیکەی ١٤٠٠ ئاوارە دەخوێنن کە زۆربەیان منداڵی کریستیانن. مامۆستاکان گلەیی دەکەن کە هەر پۆلێك ٥٠ بۆ ٦٠ قوتابیی هەیە کە ئەمەش گەلێك زۆرە چونکە قەبارەکە وادەکات کە منداڵان نەتوانن بەرێکوپێکی فێری خوێندن ببن . هەتا لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەی منداڵان بۆ هەر پۆلێکیش، قوتابخانەکە ناتوانێت دەوامیرۆژێکی تەواوی وانەخوێندن بکەن و ناچارن سیستەمی دوو شیفت پەیڕەو بکەن لەبەر کەمیی مامۆستا و بینای قوتابخانە. ساڵی رابوردوو UNHCR قوتابخانەی شلامەی نۆژەنکرەوە دوای ئاگرکەوتنەوەیەك بووە هۆی تێکدانی سەربان و چەند هۆلێك.

ئەم ٥٢ مامۆستایەی کە لە قوتابخانەکەن هەموویان ئاوارەی بەغدان . تێکرای مووچەی هەریەکەیان ٤٥٠ دۆلارە کە ئەستەمە بۆ خەرجی رۆژانەیان پێی بەڕێوەبچن. ئانا یەکێکە لەو مامۆستایانەی کە بەغدای جێهێشتووە گوتی کرێ خانووم ٤٠٠ دۆلارە لە هەولێر بەڵام خۆشحاڵم کە پیاوەکەم بە رۆژانە کرێکاری دەکا کە بەبێ ئەم کریکارییە بەردەوامبوونمان لە ژیان زەحمەتە. مامۆستایانی وەکو ئانا خۆبەخشانە بەشێك لە مووچەیان دەدەنە خەرجیی گواستنەوەی ئەو منداڵانەی کە خێزانەکانیان ناچاربوون لە هەندێك شوێنی وەکو قەزای خەبات لە دەوروبەری هەولێر خانووی هەرزانتر بەکرێ بگرن.

خێزانە ئاوارەکان سەرچاوەکانیان سنوردارە بۆیە بەرگەی٥٠ دۆلاری خەرجیی مانگانەی گواستنەوەی منداڵەکانیان ناگرن بۆ ئەوەی بچنە قوتابخانەی عەرەبی لە ناوەندی شاری هەولێر چونکە هیچ قوتابخانەی عەرەبی لە گەرەکەکەیان نیە. مامۆستا ئانا دەڵێ " ناکرێت هەمیشە خەرجیی گواستنەوە بۆ هەموو منداڵانی هەژار سەرف بکرێ بۆیە هەندێکیان لە ماڵەوە دەمیننێنەوە چونکە خێزانەکانیان توانای دابینکردنی خەرجیی گواستنەوەی ٢ یان ٣ منداڵیان نییە". هەروەها خێزانەکان دەبێت جلی یەکپۆشی و پێداویستیی قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان بکڕن.

لە گۆجار کە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی، ١٢٢ منداڵ لە ناو خێوەت دەستیان بە ساڵی خوێندن کردووە. ئەو منداڵانە لە مانگی تەمووز دوای بۆمبارانکردنی سنورەکانی عێرا ق و ئێران لەگەڵ خێزانەکانیان ئاوارە بوون و ئێستاکە ئەم خێزانانە لەناو کامپێکی خێوەتگە دەژین کە چەند کیلومەترێك لە ماڵەکانیان دوورە و UNHCR بەڕێوەی دەبات. بەرپرسی نووسینگەی UNHCR لە هەولێر بوشرا هالپۆتا دەڵێ "سەرەڕای ئەم بارودۆخە ناخۆشەی قوتابخانە و خراپیی رەوشی گوزەرانی رۆژانە کەچی زۆر مایەی دڵخۆشییە کە ئەم منداڵانە بەردەوامن لەگەڵ ژیاندا".

دەبێت منداڵەکان بە زووترین کات بتوانن لە پۆلی گونجاو لە شاری قەڵادزێی نزیك درێژە بە خوێندن بدەن بەو پێیەی دەسەڵاتداران بەڵێنیان داوە گواستنەوەی رۆژانەی ئەو منداڵانە لە گۆجارەوە رێکبخەن.

UNHCR و UNICEF لەنزیکەوە لەگەڵ یەکتر کاردەکەن بۆ دابینکردنی پێداویستیی پەروەردەیی منداڵە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و شوێنی دیکەی عیراق.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە گەورە بەرپرسی راگەیاندنی دەرەکی هێلینا کۆکس، UNHCR – عیراق : caux@unhcr.org

گەشەپێدان

## UNDP پاڵپشتیی قوربانیانی مینی زەمینی لە عیراق دەکات

نووسینی: ئیبراهیم باباعەلی ئیسماعیل ، UNDP – Iraq



بەشداربووانی دووەم سەکۆیکاری نیشتیمانیی یارمەتیدانی قوربانییان کە لە ٢٦ – ٢٧ ی ئەیلولی ٢٠١١ لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق سازکرابوو. وێنە: UNDP

بۆ بەدەنگەوەچوونی ماف و پێداویستییەکانی قوربانییانی مین و خەڵکانی تری خاوەن پێداویستیی تایبەت لە عیراق ، لە ٢٦ – ٢٧ ی ئەیلولی ٢٠١١ لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق دووەمین سەکۆیکاری نیشتیمانیی یارمەتیدانی قوربانیان سازکرا. وەزارەتی ژینگە بە پاڵپشتیی UNDP سەکۆیکارەکەی بە ناونیشانی (قوربانییانی مین قەرزی شەڕەکانی پێشوون)رێکخستبوو.

زیاتر لە ١٢٠ کەس بەشدارییان لەم سەکۆیکارە کرد وەك نوێنەرانی وەزارەتەکانی تەندروستی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پلاندانان، پەروەردە و بەرگری، ئاژانسی کوردستانی عیراق بۆ کاروباری مین، UNDP ، WHO ، UNICEF و چەند ئاژانس و رێکخراوێکی ناحکومیی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی.

بەشداربووان سەرکەوتوو بوون لە دارشتنی پلانێکی کار بۆ بەدەنگەوەچوونی ماف و پێداویستییەکانی قوربانییانی مین و خەڵکانی تری خاوەن پێداویستی لە عیراق. هەروەها پلانەکە رێخۆشکەرە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە ئابەندییەکانی عیراق بە پێ ی رێکەوتننامەی قەدەغەکردنی مینی دژەکەسی و پلانی کاری کارتاجنا بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی شەڕ.

لە سەرەتای سەکۆیکارەکە هەر یەك لە بەرپرسانی وەزاری لە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، باڵوێزی ئوسترالیا لە عیراق، نوێنەرانی ئاژانسی کوردستانی عیراق بۆ کاروباری مین ، هاوپەیمانیی عیراقی بۆ پەککەوتەکان ، UNDP وتەیان پێشکەش کرد.

لە میانەی سەکۆیکارەکە، چەند گروپێکی بەشداران گفتوگۆییان لەسەر شەش بواری یارمەتیدانی قوربانیان کرد کە بریتیبوون لە چاودێریی تەندروستیی بەردەوام و خێرا، شیاندنەوەی جەستەیی، پاڵپشتیی هاوتایان و دەروونی/دەروونی کۆمەڵایەتی، لەخۆگۆتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کۆکردنەوەی زانیاری و هەروەها یاسادانان و داڕشتنی سیاسەت.

گروپەکانی کار کۆمەڵێك ڕاسپاردەیان لەسەر هەر یەك لە شەش بوارەکە بۆ حکومەت و هاوتاکانی ئامادەکرد بۆ جێبەجێکردنیان لە ڕێگەی داڕشتنی پلانەکانی کار بۆ هەر یەکەیان بۆ ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٤ . پلانی هەماهەنگیکردن دەبێتە نەخشە ڕێگا بۆ کارەکانی ئایندە و بەم شێوەیە بەشداری دەکەن لە باشترکردنی ڕەوشی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە عیراق و دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

بۆ زانیاریی زیاترتکایە پەیوەندی بکەن بە پسپۆری پەیوەندییەکان خاتوو جولیێت تۆما، UNDP – عیراق : Juliette.touma@undp.org



# یاسای تازە بۆ بەرزکردنەوەی خوێندەواری

نووسینی: جاد مەرهی ، UNESCO – عیراق



کتێب فرۆشان لە شەقامەکانی بەغدا. وێنە: یۆنسکۆ

وەك هەر وولاتێك کە بە قۆناغی ناسکی گواستنەوە تێپەریبێت، لە عیراقیش پەروەردەی دروست پێکهێنەرێکی گرنگی قۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەیە و هەروەها پێویستێکی سەرەکیشە بۆ گەشەسەندنی بەردەوامی ئابوری-کۆمەڵایەتی و پێشخستنی تاکەکان.

لە عیراق کاریگەریی کەلەکەبوی ٣٠ ساڵەی ناسەقامگیری و سزای ئابووری هەرەشەیەکی ترسناك بوو بۆ سیستەمی پەروەردە و کاریگەری هەبوو لەسەر ڕێژەی خوێندن لە وڵاتدا. مەزەندەکراوە کە ١ لە کۆی ٥ کەس نەخوێندەوارە. لە نێو دانیشتواندا ئافرەتان بە پلە یەك زەرەرمەندن بەتایبەتی لە لادێکاندا کە نزیکەی ٥٠٪ ئافرەتان لەتەمەنی ١٥ بۆ ٢٤ساڵی نەخوێندەوارن بە بەراوورد لەگەڵ ئافرەتانی شارنشین کە ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ٢٨٪ بۆ ٣٠٪ .

وەك ئاژانسێکی پێشەنگ لە هەماهەنگیکردنی خوێندەواری و پەروەردەی نارەسمی، ڕێکخراوی UNESCO یارمەتیی حکومەتی عیراق دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕەوشەی ئێستا و بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگە جیاجیاکانی ئەم بوارە. سەرەڕای کەموکوڕییە ژێرخانییەکان، وڵات کێشەی گەورەی هەیە لە کەمیی پسپۆری و توانای مرۆیی و هەروەها کۆنیی چوارچێوەی یاساییش ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بە پەروەردە و فێرکردن.

وەلامدانەوەی حکومەت بۆ ئەم بارودۆخانە گشتگر و فراوانە.

بەهاوکاریی UNESCO، دەسەڵاتدارانی عیراق لەم ساڵانەی دواییدا کتێبی تازەی قوتابخانەیان داناوە و بەرنامەی خوێندنی خێرایان داڕشتووە و چەندین ناوەندی فێرکردنی خێرایان کردۆتەوە بەڵام سەرەڕای گرتنەبەری ئەم پێوەرانە، دەرفەتی یەکسان بۆ خوێندن هێشتا هەر ئاستەنگە.

ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە عیراق لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە سێ پرۆژەی سەرەکیی لە بواری خوێندەواری ئەنجامداوە. دوای کاریگەریی گەورەی پرۆژەی پەرەپێدانی بەهرەکانی ژیان و خوێندەواری (٢٠٠٤-٢٠٠٨) بۆ ئافرەتی عیراقی کە حکومەتی ژاپۆن پارەی بۆ تەرخان کردبوو، ڕێکخراوەکە پرۆژەیەکی هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یونیسێف، و تەندروستیی جیهانی WHO ، و ڕێکخراوی ئافرەتانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، و ئاژانسی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (UN-HABITAT) (٢٠٠٨ – ٢٠١٠) دەستپێکرد کە وڵاتانی ئەورووپی پارەیان بۆ تەرخان کردبوو. بە پشتبەستن بەسەرکەوتنی ئەو پرۆژانەی پێشوو، ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە ماوەی ٢٠١٠-٢٠١٤ دەستی بە (پرۆژەی دەستپێشخەریی خوێندەواری بۆ تواناپێدان) کرد کە بە پرۆژەی LIFE ناسراوە .

پرۆژەی LIFE کە بە هاوبەشیی خانمی یەکەمی وڵاتی قەتەر/ نێردراوی تایبەتیی ڕێکخراوی یۆنسکۆ بۆ خوێندنی بنەڕەتی و باڵا دەستی پێکرد، پشتگیری لە هەڵمەتی خوێندەواریی نیشتیمانی دەکات و بەشداریدەکات لە بەهێزکردنی توانای حکومەتی عیراقی و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گەیاندنی خوێندەواریی بەردەوام و بەهێز بۆ هەمووان. دوای چەندەها دەسکەوت و پێشکەوتن لەم بوارە، پرۆژەکە لە ڕێگەی تۆڕە فراوانەکەی هاوکاریی نێوان حکومەتی عیراق و کۆمەڵگەی مەدەنی و یۆنسکۆ توانی بگاتە ئاستێکی تر لە چاکسازی پەروەردەیی کە پێی دەوترێت گونجاندنە یاساییەکان .

دامەزراوە عیراقییەکانی یاسادانانودواجار یاسای نوێی خوێندەوارییان هەموارکرد کە هەنگاوێکە کاریگەریی لەسەر ژیانی ملیۆنەها نەخوێندەوار لە وڵات دەبێت. ڕێکخراوی یۆنسکۆ کە لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و وەزارەتی

## گەشەپێدان

پەروەردە کاردەکات، یارمەتیی تەکنیکی دابینکرد بۆ دارشتنی یاسای نوێی خوێندەواری کە بووەتە جێگرەوەی یاسای ساڵی ١٩٧٨ و تەواوکەری "ستراتیژیەتی نیشتیمانیی خوێندەواری " کە یۆنسکۆ و دەسەڵاتدارانی عیراقی دایانناوە.

بە پێچەوانەی یاسای ١٩٧٨، یاسا نوێیەکە بۆ نەخوێندەوارانی تەمەن سەرووی ١٥ ساڵ سودبەخش دەبێت لەپای جەختکردنەسەر بەهرەکانی ژیان و تواناپێدان، لە نێویاندا پێویستیی کارکردن لەسەر جۆری بەرنامەکانی خوێندەواری. یاساکە مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی باش دەکاتە ئامانج چونکە دەوری دەسەڵاتی ناوەند و دەسەڵاتە ناوخۆییەکان دیاریدەکات و هاوکارییەکی بەهێز لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت دروست دەکات. هەروەها یاسا نوێیەکە پاڵنەرێك دەبێت بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتی نیشتیمانیی خوێندەواری کە دەستەبەری دارشتنی بەدەنگەوەهاتنێکی هەمانگیکەرە لە سەرتاسەری وولات بەرەو پڕکردنەوەی پێداویستیی فێربوون بۆ نەخوێندەواران.

یۆنسکۆ بە کارکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی عیراق، هەندێك بواری دەستتێوەردانی دیاریکرد بەمەبەستی پشتگیریکردنی هەوڵی نیشتیمانی بۆ بەدیهێنانی "ئامانجی خوێندن بۆ هەمووان" بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری بە ٥٠٪ تا ساڵی ٢٠١٥.

بە پشتبەستن بە دەسکەوتەکانی ئەم دواییە، پرۆژەی LIFE دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی پێویست بۆ پلاندانان و بەرەوپێشبردن و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی سیاسەتگەلی بەردەوام و تواناپێدەری تایبەت بە پەروەردە و فێرکردنی نارەسمی. ئەمە دەکرێت هاوکات لەگەڵ پاڵپشتیی توانایی هەر یەك لە وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵگەییەکان بۆ دابینکردنی خولەکانی فێرکردنی باش و ڕاهێنانی تایبەت بە بەهرەکانی ژیان بۆ هەمووان.

بۆ زانیاری یزیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەری پرۆژەی پەروەردە ئەلبێرتۆ بیانکۆلی ، UNESCO – نووسینگەی عیراق: a.biancoli@unesco.org

## گەشەپێدان

# گەشتی لێکۆڵینەوەی شاندی باڵای عیراقی جەختدەکاتە سەر پلانی شارستانی

نووسینی: فیۆنا مکلۆنی ، UN-HABITAT – عیراق



ئەندامانی شاندی عیراقی لەگەڵ شارەزا مالیزییەکان کۆدەبنەوە لە هۆڵی شارەوانی کوالا لەمپور لە ١١ی ئەیلولی ٢٠١١. وێنە: UN-HABITAT

بۆ شارەزابوونی عیراق لە ئەزموونی مالیزیا لە پلاندانانی شارستانی شاندێکی باڵای شارەزایانی تەکنیکی و بڕیاربەدەستانی حکومیی عیراقی لە ١٠ – ١٥ ی ئەیلولی ٢٠١١ گەشتێکی لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا بۆ وولاتی مالیزیا، کە لەسەر ئاستی جیهان یەکێکە لە هەر پێشکەوتووەکانی ئەو بوارە. شاندەکە پێکهاتبوو لە وەزیری پلاندانانی عیراق و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتەکانی پلاندانان، شارەوانی و ئەشغال و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان. (دەستەی گشتیی پلاندانانی بەرجەستە) و ڕێکخراوی UN-HABITAT گەشتەکەیان ڕێکخستبوو.

ئامانجی گەشتەکە یارمەتیدانی عیراق بوو بۆ سوودوەرگرتن لە هەماهەنگییە تەواوەی نێوان دامەزراوە جیاوازەکانی پلاندانانی شارستانی لە مالیزیا لەسەر هەردوو ئاستی دەوڵەتی فیدڕالی و ناوخۆیی.

بەرنامەی گەشتەکە بەسەرکردنەوەی کۆمەلێك شوێن بوو کە بریتیبوون لە فەرمانگەی فیدڕالیی پلاندانانی شارستانی و نیشتیمانی، دەستەی پلاندانەرانی شار، پەیمانگای مالیزیا بۆ پلاندانەران ، هۆڵی شاری کوالالامپور و هەروەها بەسەرکردنەوەی چەندین پەیمانگای ئەکادیمی و کۆمپانیای پێشەنگی کەرتی تایبەت لە بواری پلاندانان.

لە گەشتەکەدا شاندی عیراقی چاویکەوت بە پلاندانەران و بەرپرسان و زانایانی بواری پلاندانان کە تیایدا پیادەکردنی باشترین پلان خرانە بەر چاوی شاندەکە و چۆنیەتی گونجاندنی ئەم پلانانە لە ژینگەی عیراقی تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکان بوو.

دەستپیشخەریەکە دەکەوێتە چوارچێوەی (پرۆژەی پەیوەندیداریی حکومەتی ناوخۆیی و دروستکردنی توانای گەشەپێدانی شارستانی کە ڕێکخراوی UN-HABITAT جێبەجێیدەکات و ئەنجومەنی ئەوروپا و ئیسپانیا پارەیان بۆ تەرخانکردووە لە چوارچێوەی سندوقی متمانەی عیراقی.

ڕێکخراوی UN-HABITAT ئاژانسی پێشەنگی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە بواری نیشتەجێکردنی مرۆیی و شارستانی و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتیپێداوە بۆ پێشخستنی شار و شارۆچکەکان لە ڕووی ژینگەیی و کۆمەڵاتییەوە بە ئامانجی دابینکردنی پەناگەی گونجاو بۆ هەمووان.

بۆ زانیاریی زیاترتکایە پەیوەندی بکەن بە سەرۆکی ڕاوێژکارانی تەکنیکی خاتوو فیۆنا مەکلونی، UN-HABITAT – بەرنامەی عیراق: Fiona.mc-cluney@unhabitat.org

## نەخشەرێگای ئاو بۆ عیراق

نووسینی:ئەندرێس لووك / هابیتاتی عیراق

لە ١٤ و ١٥ ئەیلولی ساڵی ٢٠١١ لە عەممانی پایتەختی ئەردەن و لە چوارچێوەی (بەرنامەی تازەباوکردنی کەرتی گشتیی عیراق)دا، لێژنەیەکی ئاستبەرزی ئاو و پاکڕاگرتنی تەندروستیی حکومەتی عیراق تاوتوێی (نەخشەرێگای چاکسازیی دەزگاییی کەرتی ئاوی عیراق)ی کرد بە پشتگیریی هاوبەشانەی (هابیتات)ی نەتەوە یەکگرتووەکان و (بەرنامەی عیراق) و (رێکخراوای یونیسێف).

بەڕێز کامیل چادرچی، جێگری وەزارەتی شارەوانی و ئەشغال سەرۆکایەتیی ئەو دانیشتنە دووڕۆژییەی کرد  کە جەختی کردە سەر راسپاردەکانی (نەخشە رێگا) کە ئەوانیش لە شیکار و لێکدانەوە گشتگرەکەی پێداچوونەوە کارپێکراوەکەی پێشووەوە هەڵێنجرابوون کە بۆ (پرۆسەی چاکسازیی ئاوی عیراق)یش وەك بەردەبناغەیەك وابوو.

(نەخشە رێگا)یەکە دەبێتە بناغەیەك بو هەموو رێوشوێنەکانی دواتر و میکانیزمەکانی هابیتاتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئاو و پاکڕاگرتنی تەندروستی، ئەویش بەسەر ٨ ستراتیژی کرۆکیدا دابەش دەبێت کە بریتین لە دەزگایی و رێکخراوەیی و رێکخستن و بەڕێوەبردنی کەلوپەلەکان و کاریگەریی هەڵسوڕێنراو و بەشداریی گشتی و کاروباری یاسایی و کاروباری دارایی و تواناسازی. هەر یەکێکیش لەمانە چەندان کار لەخۆدەگرێت کە بە چەندان چالاکیی جێبەجێکردنی جۆراوجۆر پشتگیرییان لێدەکرێت.

نەخشە رێگایەکە وادانراوە کە بتوانێت مۆدیلی هاوبەشبوون بۆ خزمەتەکانی ئاو و پاکڕاگرتنی تەندروست جێبەجێ بکات. ئەم مۆدیلە خاوندارێی حکومەت بۆ هەموو سەرچاوە و سەرمایەکان مسۆگەردەکات و بەڕێوەبردنی دابینکردنی ئەم خزمەتانەش لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم مۆدیلە پێشتر لەم هاوینەدا لەلایەن (لێژنەی راوێژکاریی وەزاری)یەوە هەم تاوتوێ کرا و هەمیش هەڵبژێردرا.

مەبەست لەم نەخشە رێگایە جێبەجێکردنی ئەم بووچوونەیە لە چوارچێوەی بەربەستە کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری و تەکنیکی و یاسایی و ژینگەیی و ئیدارییەکاندا.بەڵگەنامەکە بەم پرەنسیپانەرێنموونی دەکرێت: (١) ئاو سوودێکی گشتییە و بۆیە هەر دەبێ لەژێر خاوەندارێتی گشتیدا بمێنێتەوە و(٢) سوودلێوەرگرتنەکەی گشتی دەبێت و بەڵام بەڕێوەبردنەکەی تایبەتی دەبێت و (٣) هەر هاوڵاتییەك مافی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و پاکڕاگرتنی تەندروستیی هەیە و (٤) سوولێوەگرتنەکە پێویستە کار بۆ دابینکردنی ئەوپەڕی لێهاتوویی بکات.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە راوێژکاری بەرنامەی هابیتاتی عیراق بۆ چاکسازیی ئاو و پاکڕاگرتنی تەندروست د. ئەندرێس لووك andreas.lueck@unhabitat.org

گەشەپێدان

## یارمەتیدانی عیراقییەکان بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی باشتر لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسیی کارەسات

نووسینی: عەبیر ئەمارین، UNDP – عیراق



شاندی عیراقی لە ١٤ – ٢٠ی ئابی ٢٠١١ بەشداری لە راهێنان و سەردان بۆ بانکۆك لە تایلاند دەکات کە UNDP پارەی بۆ تەرخانکردووە

بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی باشتر لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسیی کارەسات و پراکتیزەکانی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا، شاندێکی وەزیرانی عیراقی لە ١٤ – ٢٠ ی ئاب سوودیان وەرگرت لە گەشتێکیان بۆ بانکۆك لە وڵاتی تایلاند کرد بۆ راهێنان و شارەزابوون.

ناوەندی یەکانگیری سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختیی فرە مەترسی (RIMES) بۆ ئاسیا و ئەفەریقیا، کە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتیی حکومییە، گەشتەکەی رێکخستبوو و رێکخراوی UNDP پارەی بۆ دابینکردبوو. گەشتەکە بواری بۆ شاندە عیراقییەکە رەخساند پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ ژمارەیەك رێکخراوی ناوخۆیی ببەستێت کە  لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسیی کارەساتەکان کاردەکەن.

شاندی عیراقی پێکهاتبوو لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی زانست و تەکنەلۆژیا، ژینگە،

بەرگری، ناوخۆ، پلاندانان، تەندروستی و وەزارەتی شارەوانی وهەروەها راوێژکارانی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەشداربووان سەردانی هەر یەك لە بەشی خۆپاراستن و کەمکردنەوەی کارەسات، ناوەندی (RIMES)، فەرمانگەی کەشناسیی تایلاند، فەرمانگەی ئاودێریی شاهانە، پرۆژەی شاهانەی باران باراندن، پرۆژەی شاهانەی چەنك هوا مون، کۆمەڵەی خاچی سووری تایلەندی و نووسینگەی هەرێمیی UNDP لە بانکۆك یان کرد.

گروپەکە توانی شارەزایی لەسەر سیستەمی مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسی کارەسات بەدەست بهێنن لە روانگەی لێووردبوونەوەی کارپێکردنی تەکنەلۆژیای هاوشێوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کارەساتەکان، لەگەڵ ئەگەری جێبەجێکردنی ئەمانە لە ژینگەی عیراقدا.

بەشداربووان دانیاننا بە گرنگیی دەستەبەرکردنی بەشدارییپێکردنی کاریگەری کۆمەڵگەیە وەك توخمێکی گرنگی هەنگاونانی باشتر بەرەو بەرنامەیەکی تۆکمە کە چاوەڕێدەکرێت لە ئاییندە جێبەجێبکرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە پسپۆری پەیوەندییەکان جولییێت توما ، UNDP – عیراق:

+962(0)6560 8330 ext.277, Juliette.touma@undp.org

## بەتواناکردنی لێژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پشتگیریکردنی کارنامەی گەشەپێدان

نووسینی: لوئەی شەبانە/رێکخراوی UNFPAی عیراق

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA لە عیراق کۆبوونەوەیەکی راوێژکاریی لە ٢٧ و ٢٨ی ئەیلولی ٢٠١١ بۆ گەورە بەرپرسانی چەند لێژنەیەکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق رێکخست بەمەبەستی تاوتوێکردنی دەوریان لە پشتگیریکردنی کارنامەی گەشەپێدانی ئاژانسەکە لە عیراق.

کۆبوونەوەکە لە عەممانی پایتەختی ئەردەن بەسترا و توانیی ٢٦ شارەزای یاسادانان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدرالی و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەیەکەوە کۆبکاتەوە کە نوێنەرایەتیی لێژنەکانی تەندروستی و ژینگە و وەرزش و لاوان و ئافرەتان و خێزان و منداڵیان دەکرد. لەلایەکی تریشەوە، جێگری وەزیری پلاندانان و بەرپرسانی فەرمانگەی توێژینەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیش لەو کۆبوونەوە بەشدارییان کرد.

شایانی باسە، نوێنەری رێکخراوەکە لە ئۆگەندا و دوو ئەندام پەرلەمانی شارەزا لە پەرلەمانی ئۆگەندی بەشدارییان لەم کۆبوونەوەیە کرد و زانیاری و وانە وەرگیراوەکانیشیان گەیاندە هاواتا عیراقییەکانیان. وێڕای ئاسانکاریکردنی بۆ تاوتوێکردنەکە، راوێژکاری تەکنیکیی رێکخراوەکە لە عیراق و نمایشێکیشی لەسەر دەوری لێژنەکان خستەروو کە نوێنەرایەتیبوونی لە لێژنەکان و توانای یاسادانان و بەرپرسیاری و دەوری چاودێریکردن و واڵایی و بەردەستخستن و دەوریان لە پشتگیریکردنی سیاسەتە جیهانییەکان و کاری نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەگرتەوە.

لەلایەکی تریشەوە، هەڵسەنگاندنی پێویستییەکان بۆ باشکردنی توانای لێژنەکانیش گەڵاڵە کرا لەگەڵ چوارچێوەی پلان کارێك بۆ چاکترکردنی توانای لێژنەکان. بەشداربووان، بەڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی لێژنەکانی تردا، رێککەوتن لەسەر تەواوکردنی پلانێك لە ماوەی چوار هەفتەدا بۆ ئەوەی جێبەجێکردنەکەشی بەم گوێرەیە دەست پێ بکات.

### کورتە هەواڵ

## دەرئەنجامەکانی رووپێوی ژینگەیی راگەیەندران

حکومەتی عیراق، بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوی یونیسێف و یەکێتیی ئەورووپی، لە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١١ ئەنجامەکانی رووپێوی دۆخی ژینگەی عیراقی راگەیاند. لێکۆڵینەوەکە دوای هەڵسەنگاندنی دۆخی ئاو و پاکڕاگرتنی تەندروست و خزمەتەکانی فڕێدانی زبڵ یەکەم تێگەیشتنی گشتگریشی لەسەر بارودۆخی ژینگە و خزمەتەکان لەسەرتاسەری عیراقدا لەساڵی ٢٠٠٥ەوە خستەروو.

ئەنجامەکان، کە لە ٤٢٥ دەزگای هەر ١٨ پارێزگایەکەی عیراق وەرگیرابوون، ئەوە نیشاندەدەن کە یەك لە هەر پێنج عیراقییەك ئاوی خواردنەوەی پاکی نییە و سێیەکی



نوێنەری رێکخراوی یونیسێف ئوسامە مەکاوی وتارێك پێشکەش دەکات بۆ بەرپرسانی حکومەتی عیراق و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی روپێوی ژینگەیی لە عیراق. وێنە: سەباح ئارار/یونیسێف-عیراق

دانیشتوانیش خزمەتی تەواوی پاكڕاگرتنی تەندروستییان نییە و زۆربەی ئەوانەی لەم خزمەتان بێبەشن لە ناوچە لادێنشینەكاندان.

هەروەها، ڕووپێوەكە ئەوەش نیشاندەدات كە ئاستەنگە گەورەكانی بەردەم ئەم كەرتە بریتین لە ناجێگیریی كارەبا و كەمیی ئامێر و خزمەتی خراپی زبڵ فڕێدان و پێویستیی بەرزكردنەوەی توانای تەكنیكی و ئیداریی بەرپرسان بۆ باشكردنی دابینكردنی تەواوی خزمەتەكان.

## بەرنامەی ڕێكخراوی یونیسێف و یەكییەتی ئەوروپی بۆ زیادكردنی بڕی ئاوی خواردنەوەی پاك بۆ عیراق

حكومەتی عیراق لە ١٣ی ئەیلولی ٢٠١١ ڕێنماییەكانی سوودوەرگرتن لە تەكنەلۆجیای (دڵۆپاندنی پێچەوانە) بۆ پاككردنەوەی ئاو لە خوێ و پرۆژەكانی چارەسەركردنی پەسندكرد. وەك بەشێك لە بەرنامە ١٠ ملیۆن دولارییەكەی یونیسێفبە پشتگیریی یەكێتیی ئەوروپی بۆ گەشەدان بە كەرتی ئاو و پاكڕاگرتنی تەندروستیی عیراقی، ڕێنماییەكان هەنگاوبەهەنگاوی پرۆسەكە جێبەجێكردن و كارپێكردنی پرۆژەكانی چارەسەركردن و دڵۆپاندنی ئاو ڕووندەكەنەوە.

لەمبارەوە بەرپرسی ئاو و پاكڕاگرتنی تەندروست لە ڕێكخراوی یونیسێف، بەڕێز هراچیا سارگسیان وتی "ئەم ڕێژەی ئێستای خوێ لەسەرچاوەكانی ئاودا لە عیراق كاری كردووەتە سەر سنووورداربوونی ئاوی خاوێن بۆ ڕێژەیەكی زۆری دانیشتوانی عیراق". ئەو هەروەها وتیشی "ئەم ڕێنماییانە لەوە دڵنیا دەبین كە سیستەمەكانی چارەسەركردنی ئاو تكنۆلۆژیای كاریگەریان هەیە بۆ پاككردنەوەی ئاو لە خوێ."

بەم زووانە ڕاهێنان لەسەر ئەم ڕێنماییانە بۆ بەرپرسانی بەشە پەیوەندارەكانی حكومەت لەسەر زیاتر لە ٣٠٠ بنكەی دڵۆپاندن لەسەرتاسەری عیراقدا ئەنجام دەدرێت.

## یەكەم شوێنی داپۆشینی زبڵ لە بەسرە بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەكانە

بۆ یەكەمجار شوێنی داپۆشینی زبڵ لە بەسرە، كە بەگوێرەی پێوەرە ژینگەییە جیهانییەكان دروستكراوە، لە ١١ ئەیلولی ٢٠١١ ڕادەستی دەسەڵاتدارانی عیراقی كرا. ڕاسدەستكردنەوەكە ئاماژە بوو بۆ دەستپێكردنی (ماستەر پلانی



ڕاوێژكاری پارێزگاری شاری بەسرا موحسین عبدولحەی لە كردنەوەی یەكەم شوێنی لەچاڵنانی پاشماوە وزبڵی ڕەق لە بەسرا كە بەگوێرەی پێوەرە ژینگەییە نێودەوڵەتییەكانە. وێنە: یونیسێف - عیراق

بەڕێوەبردنی پاشماوەی ڕەقی پارێزگای بەسڕە) كە پێكهاتەیەكی بەرنامەی ڕێكخراوی یونیسێفە، بە پشتگیریی یەكێتیی ئەوروپی، بۆ پەرەدان بە كەرتی ئاو و پاكڕاگرتنی تەندروستی عیراق.

شوێنەكە ئەوە مسۆگەر دەكات كە ئەو چۆڕاوكەی زبڵ، كە لە ڕووی ژینگەییەوە زیانبەخشە، لە ڕێگەی سیستەمی بۆڕییەوە دەچێتە شوێنێكی بێ زیانەوە و پاشماوەكەش بەشێوەیەكی ڕێكوپێك فڕێ دەدرێت.

یونسێف نیازی وایە ئەم سیستەمەی ماستەر پلانی پاشماوەی ڕەق لە ساڵانی داهاتوودا بگەیەنێتە ١٢ پارێزگای عیراق.

## نووسینگەی ڕێكخراوی یونیسكۆ سەكۆیەك سەبارەت بە ئایندەی توێژینەوەی زانستی لە عیراق ڕێكدەخات

سەكۆیەك بۆ نیشاندانی ڕێگە بۆ تۆژینەوەی زانستی لە عیراق لە ٢٦ تا ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١١ لە بەیروتی پایتەختی لوبنان ئەنجامدرا. كۆمەڵێك شارەزا بەشدارییان لەم كۆبوونەوە كردبوو كە ڕێكخراوی (یونیسكۆ) ڕێكیخستبوو . چەقی قورسایی كۆبوونەوەكە لەسەر باشترین ئەگەر و بەلاوەباشتربوونی ئایندەكانی توێژینەوەی زانستی لە عیراق بوو لەبەر ڕۆشنایی سیاسەت و چوارچێوەی دەزگایی و ڕێكخستنی یاسایی و باشكاركردن و هێزی كار و سەرچاوەكانی دارایی و دیسپلینەكانی سەرلیستكردن و بوارەكانی جێبەجێكردندا.

بەم زووانەش ڕاپۆرتی كۆتایی لەسەر دۆخ و چەمكەكانی توێژینەوەی زانستی لە عیراق ئامادە دەكرێت و لەگەڵ هاوتاكانیشدا هاوبەش دەكرێت بە مەبەستی گەڵاڵەكردنی نەخشە ڕێگایەك بۆ بووژاندنەوەی توێژینەوە لە وڵاتدا.

## یەكەم نەخۆشخانەی بەرگریی هەمەدەرمانی سیل لە عیراق

شاندێك لە بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستیی بەغداد و حكومەتی هەرێمی كوردستان و (بەرنامەی نیشتمانیی سیل لە عیراق) و ڕێكخراوی (UNDP) و ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی سەردانی نەخۆشخانەی بەرگریی هەمەدەرمانی سیلیان لە سلێمانی لە هەرێمی كوردستانی عیراق كرد بەمەبستی پێداچونەوە بە پێشڤەچوونی كاری نۆژەنكردنەوەی.

نەخۆشخانەكە یەكەمە لە جۆری خۆی لە عیراقدا و دەتوانێت چاودێریی درێژخایەن بەتوانای ٣٠ قەڵەوێڵە بۆ ماوەی ٦ مانگ پێشكەش بكات و هەروەها دشتوانێت بۆ ماوەی ٢ ساڵ خزمەتی پزیشكی پێشكەش بە نەخۆشەكان بكات.

ڕێكخراوی (UNDP)ی عیراق، بە دابینكردنی



شاندێكی عیراقی سەردانی نەخۆشخانەی هەمەدەرمانی بەرگریی سیل لە شاری سلێمانی لە هەرێمی كوردستانی عیراق دەكات. وێنە: UNDP

دارایی لەلایەن (سندووقی جیهانی بۆ قەڵاچۆکردنی نەخۆشی ئایدز و مەلاریا و سیل) ەوە، کاری نۆژنکردنەوەی خەستەخانەکە جێبەجێ دەکات. لەمبارەوە د. تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی ”من دەمەوێ سوپاسی ڕێکخراوی (UNDP) بکەم بۆ ئەم کاری نۆژەنکردنەوەیە کە خزمەتێکی زۆر گرنگە بۆ خەڵکی عیراق و هەنگاوێکی سەرەکیشە بۆ قەڵاچۆکردنی نەخۆشی سیل لە عیراق“.

## تازەکردنەوەی ستراتیژی نیشتمانیی پەرستیاری و مامانی

نووسینگەی عیراقی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عیراق، لە ڕۆژانی ٢٦ و ٢٧ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١١ سەکۆیکارێکی لەسەر تازەکردنەوەی ستراتیژی نیشتمانیی پەرستیاری و مامانی و پلانکاری ستراتیژی بۆ ٢٠١٢-٢٠١٦ ڕێکخست.

ئەم سەکۆیکارە لە هەولێری هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان و ٦٠ شارەزای بواری تەندروستی لە بەغداد و بابل و نەینەوا و هەولێر و دهۆك و سلێمانی بەشدارییان تێیدا کرد. سەکۆیکارە بە (پلانی ستراتیژی ٢٠٠٣-٢٠٠٨)ی پەرستیاریی ئێستای وڵاتدا چۆوە و تازەی کردەوە لەگەڵ تاوتوێکردنی دوا پەرەسەندن و ئاراستەکانی پەروەردەی پەرستیاری لەسەر ئاستەکانی هەرێمی و جیهانیدا.

خزمەتەکانی پەرستیاری و مامانی سەرچاوەگەلی زۆر گرنگن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی تەندروستی و گەشەپێدان. بە هەر حاڵ، دابینکردنی ئەم جۆرە خزمەتانە، کە وەڵامدەرەوەی پێویستییە تەندروستییەکانی خەڵکی عیراقن، بوونەتە ئاستەنگی گەورە.



بەشداربووانی سەکۆیکاری تازەکردنەوەی ستراتیژی نیشتیمانیی پەرستیاری و مامانی لە ئەیلولی ٢٠١١ لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق. وێنە: WHO

## پێداچوونەوە بە پەیڕەوی دووگیانی و چاودێریکردنی منداڵی تازەبوو

لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢١ی ئەیلولی ٢٠١١ کۆڕێك لە بەغداد سازکرا بۆ پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەبارەت بە دووگیانی و منداڵبوون و چاودێریی منداڵی تازەبوو و چاودێریی قوناغی دوای منداڵبوون . ئەم چالاکییەی وەزارەتی تەندروستیی عیراق بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئەنجامدرا کە ٢٢ بەشدار لە وەزارەت و بەڕێوەبەرانی تەندروستیی زاوزێ لە بنکەکانی چاودێریی تەندروستی و نەخۆشخانەکانی لەدایکبوون بەشدارییان تێیدا کرد.

سەکۆیکارەکە چەندان بابەت و بەربەستی دەستنیشان کرد کە ڕووبەڕووی باپەخدان بە کۆرپەی ساوا دەبنەوە و هەر یەکێکیشیان لە چەندان ڕووەوە تاوتوێکرا بەمەبەستی هێنانەدی زانیاریی باش و دروست لە کاتی خۆیدا و هەم بۆ دڵنیابوونیش لەوەی پەیوەندیداران بە باشی بەکاریان هێناوون. ئامانجێکی پتەویش بۆ پێداچوونەوەی بەشی بەڕێوەبردنی ئاڵۆزییەکانی دووگیانی و منداڵبوون خرایە ڕوو و لەگەڵ دەستنیشانکردنی هەنگاوەکانی ئایینده



وەزیری تەندروستی بەڕێز تاهیر هەورامی و نوێنەری ڕێکخراوی WHO سەید جەعفەر لە سەکۆیکاری پێداچوونەوەی ڕێنماییەکانی دووگیانی و چاودێریی منداڵە تازە بووەکان کە لە بەغدا لە ئەیلولی ٢٠١١ سازکرا.

بۆ تەواوکردن و دابەشکردنی رێڕەونامە، کە لەسەر ئاستی نیشتمانی پەسندکرابێت.

## حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراو (فاو) توانای کەرتی کشتوکاڵ تاوتوێ دەکەن

رێکخراوی (فاو) لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلولی ٢٠١١ لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق زنجیرەیەك کۆبوونەوەی لەگەڵ پارێزگاری هەولێر و وەزارەتەکانی پلاندانان و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا.

ئەم رێکخراوە لەگەڵ هاوبەشکارە عیراقییەکانی تاوتوێی ئەو پرۆژە و بەرنامانەی کرد کە لە چەندان کەرتی جۆراوجۆری کشتوکاڵ لە هەرێمەکە جێبەجێ دەکرێن و لە هەمووشیان بەرچاوتر باشکردنی پڕبەرهەمی لە ئاژەڵی بچووك و گواستنەوەی تەکنۆلۆژیای بەخێوکردنی ماسی و بەرهەمی کشتوکاڵیی باشتر لەرێگەی بەرهەمهێنانی تۆ و کۆنتڕۆلی جۆرییەوەیە.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی راگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی رای نەتەوە یەکگرتووەکان یان یونامی بێت. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی راگەیاندن / وتەبێژ: رادیە عاشوری

سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسری

نوسیار: کرێستۆفەر سێسمانیك

مۆنتاجی وێنەکان: بیکەم ئەکبەرزادە

دیزان و گرافیك: سالار بریفکانی

### پێشانگای وێنەیی

## یادکردنەوەی رۆژی جیهانیی دیموکراسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق









### لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق ٢٠ ئەندامی هەیە، ١٦ لەوانە نیشتەجێن و ئەوانی تر نیشتەجێ نین. ئەندامەکانی ئەو تیمە ئەمانەن: رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO) و رێکخراوی کاری جیهانی (ILO) و رێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM) و نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازیی کاروبارە مرۆییەکان (OCHA) و نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ (OHCHR) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEF و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکسانیی جێندەری و بەتواناکردنی ئافرەتان (ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان UN WOMEN) و بەرنامەی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەپێدان UNDP و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی رۆژئاوای ئاسیا (ESCWA) و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری (یونیسکۆ UNESCO)) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (UNEP) و نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و بەرنامەی نیشتەجێکردنی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UN-Habitat) رێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIDO) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان ( UNFPA) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادە هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکان (یونۆپس UNOPS) و رێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی(WHO ) . سەرباری دەزگانی نەتەوە یەکرتوەکان، هەریەك لە رێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) و بانکی نێودەوڵەتی ئەندامن لە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق.